

# لە سێبەری پیاوسالاریدا

توێژینەوەیەکی زانستی کوالیتییە (چۆنایەتی) لە دیمانەی سۆسیۆسایکۆلۆژی و تێگەیشتنی ژنان و پیاوانی کورد لە هەندەران دەربارەی پێکەوە ژیان و سێکس دەخاتە ڕوو


## ئاسۆ بیارەیی

سۆسیۆسایکۆلۆژ


نێوان ساڵی 2008 و 2009 سوێد


مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە تەنها هی خودی نووسەرە

## سوپاسێکی بێ پایان بۆ:

هاوسەری خۆشەویستم نەرمین و بۆ لالۆ گیانی کوڕم،
کە کاتێکی بایەخداریان لە کاتی خۆیان، بۆ ئەنجامدانی
ئەم توێژینەوەیە پێ بەخشیم

هەموو ئەو ژن و پیاوانەی کە توانیان لەم توێژینەوەیەدا
بەشداربن
هەموو ئەو بەڕێزانەی یارمەتیان دام بۆ چنگ کەوتنی
داتاو مەتریاڵی ئەم شرۆڤەیە.

بۆ هەردوو نووسەری بەڕێز
گەلاوێژ بابان & ئەردەڵان عەبدوڵلە
کە ئەرکی پێداچوونەوەی رێزمان و ڕێنوسیان
خۆبەخشانە گرتە ئەستۆ

## پێشکەشە بە

**گیانی پاکی دوعا**
**کە پیاوە دڕندەکانی هاوڕەگەزم**
**بێ بەزەییانە باڵی پەپولەی تەمەنیان هەڵوەراند و**
**بە قینی ژەنگاوی چەند سەدەیێک ،**
**سەنگ و بەردیان کرد**

# پزیسکێکی کورت لە لاپەڕەکانی ئەم ڕاپۆرتە

مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە زانستییە ئەوە بوو کە تیشکێک بخاتە سەر تێگەیشتنی پیاوان و ئافرەتانی(ژنان و کچان) ی کورد کە ڕەوەندن لە وڵاتی سوێد، دەربارى سێکس و ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتووە بەسەریاندا لە ماوەی دوو ساڵ زیاتر نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتە. مەتریاڵی ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی 16 کەسی لە خۆ گرتووە لە تەمەنەکانی نێوان بیست تاکو چڵ ساڵ. ئەم ڕاپۆرتە دوو پرسیارگەلی سەرەکی لە خۆ گرتووە، **ئەندازەی بڕوابوون بە مافی ژنان، بەتایبەتی لە بارەی جووت بوون لە دەرەوەی سنووری ژیانی هاوسەریدا؟ ئایا کاریگەری ژیانی ئەوروپا، بۆچوونی پیاوان، ژنان و کچانی کوردی لە بارەی سێکسەوە لە دەرەوەی سنووری ژیانی هاوسەریدا گۆڕیووە؟** مەتریاڵەکە وەکو نەریتێکی زانستی لەبەر پارێزگاری ناو و زانیاری کەسەکان، هەمووی کۆد کراوە. تییۆرییەکانی ئەنتەر ئەکشۆنزم، سۆشیال کۆنستراکۆشون و ژینوسم بە کارهێناوە. ئەنجام گەلەکان کۆمەڵێک هەڵوێستی لە خۆ گرتووە، لەوانە بۆچوونی نەگۆڕی پیاوسالاری لەلای پیاوەکان و گۆڕانی بۆچوونی ئافرەتەکان بەرامبەر دەسەڵاتی ڕەهای پیاو و گۆڕانی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر سێکس و جووت بوون لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریدا.

# پێڕست


1. دەستپێک و پێشینە ........................................ 4
1.1 مەبەست ........................................ 4
2.1 فۆرمالیزەکردنی پرس و گریمانەکان ........................................ 5
2. گرێدانی تیۆری ........................................ 5
1.2 سیمبۆلیک ئەنتراکشونیزم(symbolic Interaction ........................................ 6
2.2 سۆسیال کۆنستراکشۆن ........................................ 6
3.2 چۆن مێدیا کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات ........................................ 7
3. میتودی کارکردن ........................................ 7
1.3 هەڵبژاردنی کەسەکان پرێسدور ........................................ 7
2.3 ڕۆتینی شرۆڤەکە ........................................ 8
4. ئەنجامگیری و ئەنالیزەکردن ........................................ 8
1.4 چۆن پیاوان و ئافرەتان دەڕواننە سێکس؟ ........................................ 9
1.1.4 وەڵامی پیاوەکان و ئەنالیزەکردن ........................................ 9
1.2.4 وەڵامی ژنەکان و ئەنالیزەکردن ........................................ 12
2.4 ئابڕو لە دیمانەی هەردوو ڕەگەزەوە ........................................ 14
1.2.4 وەڵامی پیاوەکان و ئەنالیزەکردن ........................................ 14
2.2.4 وەڵامی ژنەکان و ئەنالیزەکردن ........................................ 16
3.4 ئایا سێکس سیمبۆلی دەسەڵاتە؟ ........................................ 18
1.2.3 وەڵامی پیاوەکان و ئەنالیزەکردن ........................................ 18
2.2.3 وەڵامی ژنەکان و ئەنالیزەکردن ........................................ 19
5. تاوتوێکردن ........................................ 20
6. سەرچاوەکان ........................................ 23
7. پاشکۆ و کۆی وەلامەکان ........................................ 24

## 1. دەستپێک و پێشینە

ئاسان نییە کە بەشەو و ڕۆژێک دەسەڵاتێک لەق بکرێت، کە هەزارەها ساڵ بناغە و پایەی لە نێو کۆمەڵگەیەکدا بۆ داکوترابێت. نوێ بوونەوە و بەرهەم هێنانەوەی دەسەڵاتی یەک لایانەی پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا و کۆمەڵگە پاشکەوتووەکاندا، بەهۆی ئاوێتەبوونی ئاین، داب و نەریت و هێزە بزوێنەرەکانی تر، لەوانە هێزی ئابوری، دەسەڵاتی ڕەهای پیاو لە بازنەیەکی داخراودا گیر دەکات و ژنان و کچان وەکو هەمیشە دەبنە سووتەمەنی چەوسانەوەی پیاو، بە تایبەتی (ژنان و کچان) کە ژێر دەستن. نەبوونی هێزێکی بزوێنەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە پاڵ بە پرۆسەی پێشەوەچوونی مافەکانی ژنان و کچان بدات، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوە و تۆکمە بوونی ئەو دەسەڵاتە لە چنگی پیاوی کوردا.

کاڵبوونەوەی سنووری نێوان نەتەوەکان بە هۆی بزوتنەوەی جیهانی ئابوری و گلوباڵیزمەوە، کوردستان، سەرباری پارچە بوونی، کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانەوە. ئەمڕۆ زۆربەی ماڵەکان لە کوردستان بە ئاسانی دەتوانن پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە بکەن و ئاگایان لە گۆڕانکارییەکان بێت.

لێرەدا دەسەڵاتی پیاوی کورد کەوتووەتە سارایی و هەڵدێرەوە و بە هەرشێوەێک بێت ناخوازێت ژنان و کچان لە تاریکستانی هێزی دەربچن، بە کارهێنانی شێوازی کوشتن یەکێکە لەو شێوازانە کە بە کاری دێنێت.

هەندێ پیاوی کورد، کە دەروازەکانی ژیان و دەسەڵات، لە ناو کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت(کچ و ژنەوە) دەبینن و بە سامانی خۆی دەیزانن، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک پتر هەست بە لاوازبوونی ئەو دەسەڵاتە دەکەن کاتێک ژنان و کچان شێوازێکی( لیبراڵ) ئازاد لە ژیانیاندا هەڵدەبژێرن و ڕازی نابن پیاوان ڕاستیەکانیان لێ بگرن.

### 1.1 مەبەست

مەبەستی ئەم ڕاڤەیە دەرخستن و چنگخستنی زانیاری و داتایە لەسەر دەسەڵاتی پیاوی کورد و تێڕوانینەکانی بۆ مافی(ئافرەتان) ژنان و کچان، بەتایبەتی لە سەر سێکس. هەروەها کاردانەوەی ژنان و کچانە لەو

دەسەڵاتە و ئاکارەی پیاوان و گۆڕانی هەڵوێستیان بەرامبەر پێکەوە ژیان و هاوسەرگرتن.

### 2.1 فۆرمالیزەکردنی پرس و گریمانەکان

دیل بوونی ژنان و کچان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پیاودا بە تایبەتی پیاوی کورد و کێشەی کوشتنی ژنان و کچان بە هۆی فرە گۆڕانی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، گلوبالیزم و پێشکەوتنی بزوتنەوەی ژنان لەسەر ئاستی ناوچە و جیهاندا، هاوسەنگی مافەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەلای ژنان و کچاندا دەشکێنێتەوە. ئەو گۆڕانکاریە بەپەلەیە بۆچوون و پیاوسالاری خستووەتە مەترسییەوە و ڕەنگی لە شێوازی پێکهێنانی هاوسەرگرتن و خێزانی گۆڕیوە. لەم ڕاڤەیەدا دەمەوێت کاریگەری ئەو جیاوازیە بخەمە ڕوو کە بووەتە هۆی ناکۆکی زیاتر و دروستکردنی توندوو تیژی پیاوان لەلایەک و کۆششی ژنان بۆ ڕزگاربوونی ژنان لە پیاوسالاری.
بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی وەڵامی ئەو فورمالیزەیەی سەرەوە و لەسەر ڕۆشنایی گریمانەکانی، سەکۆی پرسیاری ڕاڤەکەم بەم جۆرەن:

1. ئەندازەی بڕوابوون بە مافی ژنان، بەتایبەتی لە بارەی جووتبوون لە دەرەوەی سنووری ژیانی هاوسەریدا؟

2. ئایا کاریگەری ژیانی ئەورووپا، بۆچوونی پیاوان، ژنان و کچانی کوردی لە بارەی سێکسەوە لە دەرەوەی سنووری ژیانی هاوسەرید ا گۆڕیووە؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە کۆمەڵێک پرسیارم وەکو پێوەرێک بۆ چنگ کەوتنی وەڵامەکان بەکارهێناوە، بڕوانە پاشکۆی ڕاپۆرتەکە، لاپەڕە 24.

## 2. گرێدانی تیبۆری

#### سیمبولێک ئەنتراکشونیزم(symbolic Interaction):

مەبەست لە چەمکی ئەنتەرئەکشون، ئەو هاوکایەیە ، هاودەستی و پڕۆسەیەیە کە گرووپەکان و تاکەکان لەڕێگەی ڕەفتاریانەوە کاریگەرییان لە سەریەکتر هەیە (وێکپیدیا، 23-11-2007). لێرەدا ڕۆڵی ووزەی

ناوخۆیی مرۆڤەکان کاریگەریی  خۆی هەیە لەسەر ئەو هاوکایەیە Interaction  کە دروست دەبێت، لەوەی کە چۆن مرۆڤەکان ئەو بارودۆخە هەڵدەسەنگێنن کە لە ئەنجامی ئەو هاوکایەیە دێتە ئاراوە. هەروەها چۆن و چ جۆرە (کۆنتێکسێک) گرێبەندێکی گیانی لە دایک  دەبێت ؟ بۆ نموونە دوو دلْدار کە ئاشقی یەکترن، یان دوو نەیار چۆن بارودۆخی نێوانیان سەیر دەکەن. مەبەست لە  بە کارهێنانی ئەم تییۆرییە لەم باسەدا ئەوەیە کە سیمبولەکان لە لای مرۆڤەکان  چ بایەخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییان هەیە، لە سەر ئاستی میکرۆ و ماکرۆ چ ووزەیەک دەبەخشنە مرۆڤ.، بۆ نموونە کۆئەندامی زاوزێی مێینە بۆ پیاو چی دەبەخشێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە هەمیشە ژنان و کچانی لە سەر دەکوژێت.

### 1.2 سیمبولێک ئەنتراکشونیزم

ڕوانگەیەکە و خاڵێکی دەست پێکردنە بۆ ئەنالیزەکردنی بارێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە کە هەبێت یان ریالیست بێت. ئەم فێرگەیە کۆمەڵەێک بیردۆزی(تییۆری) لە خۆ گرتووە بۆ ئەنالیزەکردنی کۆمەڵگە، ئەو مرۆڤانەی کە پێکیان هێناوە( مەبەست بارو دۆخە کۆمەڵایەتییەکە) و بە کام پڕۆسەدا مرۆڤ تێدەپەڕن بۆ ئەوەی ببنە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ڕەفتار چۆن دەکەن و بارودۆخێک چۆن تێدەگەن. هەمان قوتابخانە بە شێوەێکی زانستییانە پێناسەی بارودۆخیش دەکات کە لە دەرەوە و بوونی مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبێت.  Herbert Blumer سەرەتای بۆ ئەم قوتابخانەیە داناوە و دانای تر پەرەیان پێ داوە،( 2004, Trost&Levinلاپەڕە 9-10).

### 2.2 سۆسیال کۆنستراکشۆن

ئەم قوتابخانەیە  پێی وایە کە تێگەیشتن لە مرۆڤێک پێویستە بەو دۆخە کۆمەڵایەتییەوە کە تێیدا دەژی. دۆخی ژیان و ژینەگە بۆچوونەکانی مرۆڤ دروست دەکەن و بیر و ڕەفتارەکانی بە پێی سترکتۆر و پێوەرەکانی ئەو ژینگەیە فۆڕم دەبێت. ئەم ڕێبازە، مەسەلەی ژێنوس Genus و جیاوازییەکانی نێوان  نێر و مێ دەگێڕێتەوە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و نۆڕم و پێوەرەکانی، کە منداڵێک لە دایک دەبێت، ئەوە کۆمەڵگەیە ناوی

دەنێت کچ یان کوڕ. ئەوە بەهۆی هێماکانی زمانی ناو پێوەری ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەو جۆرە کچان و کوڕان دێنە ناسین، (Stevens لا. 240-302).

### 3.3 چۆن میدیا کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات

میدیا کە کەناڵێکی گرینگی پێکەوە گرێدانی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵێک ڕەوشت و هەڵسوکەوتی نوێدا، بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوە بەهێزترین کاریگەری لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە هەیە و لە جیهانی بە گوندکراودا کەسایەتی نوێ دروست دەکات و جۆرێک پێوەر و نۆرم لە دەرەوەی دەڤەری نیشتیمانێکدا دەخولقێنێت. میدیا هەموو سنوورێکی شاراوە و نەزانراو لە نێوان کۆمەڵگە کەسەکاندا، لە نێوان فرە ڕەنگی گەلاندا دەسڕێتەوە. ئەوەی سالانێکی زوو، خەوش باسکردنی قەدەغەبوو، ئەمڕۆ لا پەڕەی ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانیەکاندا ڕەها و ئازادە. پەی بردنی ئافرەتان بە مافەکانیان وەکو مرۆڤ و هاوەڵەکانیان لە گونجەکانی تری جیهان، ناسینی خۆیان وەکو بوونەوەرێکی ئازاد، تایی ئەو تەرازووی ژیانی هاوسەری، گۆڕیوە. Giddens لە "time-space seperation” (2004 لا 497-499) پێی وایە کە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە کات و شوێن هیچ بایەخێکی نامێنێت و کەسەکان دەتوانن ئازادانە پەیوەندی بەهەموو گونجێکی دنیاوە بکەن.

## 3. میتودی کارکردن

لەم ڕاڤەیەدا 16 کەس، شەش پیاو و نۆ ژن لە تەمەنەکانی 20 تاکو 40 ساڵ بەشداریان کردووە. ئەم شانزە کەسە هەموویان لە ئەوروپا دەژین. میتودی ئەم ڕاڤەیە کوالیتیە و گرێدراوە بە کۆمەڵێک پرسیاری ئامادەکراوەوە کە ڕاستەوخۆ پێوەستن بە بۆچوونی تایبەتیانەوە لە بارەی سێکس و بۆچوونیان بەرامبەر یەکتر. ماتریاڵی ئەم ڕاڤەیە بەشی زۆری لەڕێگەی کەسی سێیەمەوە و ناردنی پرسیارەکان کۆکراوەتەوەو بەشێکی تریشی ڕاستەوخۆ بەتەلەفۆن کراون. ماتریاڵەکە دووبارە نووسراوەتەوە. کۆکردنەوەی ئەم ماتریاڵە 40 کاتژمێری بردووە. شێوازەڕێگەی هەرمەنەوتیک بۆ ئەنالیزەکردنم بۆ کۆکردنەوە داتاکە بەکاربردووە. ئەم

لێکۆڵینەوەیە لە بەر کەمی کەسەکان ناتوانرێت بەگشتی بکرێت( دووبارە بکرێتەوە) بۆ گروپێکی تر کە لە ژینگەیەکی تردا دەژین، بەڵام جێی بڕوابوون و ڤالیدە، چونکە لەسەر پێوەرسازی زانستی بنچینەی بۆ داڕێژراوە.

### 1.3 هەڵبژاردنی کەسەکان و پرۆسیدور

هەڵبژاردنی کەسەکان هەندێ فاکتای لە خۆ گرتووە لەوانە تەمەنیان، پێشینەیان لە ئاستی خوێندن، هاوسەرگرتن و هۆکارەکانی، کۆنتێکستی ژیانیان، جوگرافیای هاتنیان و ڕادەی پەیڕەوکردنی ئاین و پێوەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە لایان.

### 2.3 ڕۆتینی شرۆڤەکردن

پێش دەست بەکارکردن، باسکردنی مەبەستی ڕاڤەکە و ناسی خودی نووسەر و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەوان، باسی ئەرکی نهێنی پاراستن بەپێی یاسا جیهانیەکانی ڕاڤە بۆ گەیاندراوەتە سەرجەمی ئەو شانزە کەسە کە ناوەکانیان نهێنی دەبن و کۆد دەکرێن، ئەو شتانەی کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بریندارکردنی هەستیانەوە دەبێت، بڵاوناکرێنەوە و دوای کۆتایی ڕاڤەکە، نامێنن. لەسەر داوای وەڵامدەرەوەکان بەشێوازی ناوی خوازراویش کارو تەمەن، پیشە بە لیست نەکراوە. لەسەر داوای خۆیان تەنها کورتەیەک لە داتاکەیان، وەکو پاشکۆ بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە لاپەرە 24.

## 4. ئەنجامگیری و ئەنالیزەکردن

پوختەی ئەنجامی وەڵامەکان لە سێ تێمای سەرەکی خۆیان دەبیننەوە:

1.4 چۆن پیاوان و ئافرەتان دەڕواننە سێکس؟
2.4 ئابڕو لە دیمانە هەردوو ڕەگەزەوە چی دەگەێنێت؟
3.4 ئایا سێکس سیمبولی دەسەڵاتە؟

## 1.4 چۆن پیاوان و ئافرەتان دەڕواننە سێکس ؟

### 1.1.4 وەڵامی پیاوەکان و ئەنالیزەکردن:

کۆی وەڵامی پیاوەکان هاوتەریبە کە کچان و ژنانیان بۆ ئەوە دەوێت کە تام و چێژی جووتبوونیان لێوەرگرن و خۆیانیانی پێ بەتاڵبکەنەوە، ئارەزووە کاتیەکانی خۆیانیانی پێ تێربکەن. هەموویان واتە ئەو حەوت کوڕ و پیاوە، پێیان وایە ژنان و کچان لەڕووی دەروونییەوە لاوازن و دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا بن. ژمارە 1 و 3 کە هەردووکیان خاوەنی ماڵ و منداڵن و ماوەی 2 ساڵ و نیوێکە چاوەڕێی مافی پەنابەری دەکەن، بەم جۆرە باسی جووتبوونی خۆیان دەکەن :

> "من بۆ بەتاڵکردنەوەی خۆم، ناچار، تا ژنەکەم دێت لە گەڵ پیرێژنێکدا دەژیم کە بەحاڵ هێزی تیایە، بەڵام ئەوسا کە ژنەکەم گەیشتە ئێرە، ئامادەم وازبهێنم." وەڵامدەرەوەی ژمارە 1"

> " " من هێشتا زوگردیم و خۆم نەبەستووەتەوە بە ژیانی هاوسەری، بەڵام هێندە ئەزموونی جووتبوونم پەیداکردووە، کە بزانم چۆن ڕابوێرم... ڕۆژانە کە دەچووم بۆ کۆرسی زمان، بە هۆی برادەرێکەوە کە پێش من چەند ساڵێک لە سوێد بوو، کە پەیوەندی بەکچە کوردێکەوە هەبوو، منی بەو کچە ناساند کە پێش ژنهێنانی کاری جووتبوونی لە گەڵدا دەکرد، سەرەتا پێم ووت من چۆن لە گەڵ ئەو کچەدا بخەوم کە هی تۆ بووە؟ ووتی لێرە وایە ئێمەی پیاو دەبێت ئەزموون وەربگرین، ئەی دواڕۆژ ژن دەهێنیت چی دەکەیت؟ "وەڵامدەرەوەی ژمارە 2"

ئەو وەڵامەی سەرەوە هاوتەریبە لەسەر ئەو بۆچوونی نەرجسی و خۆویستن، کە تاچەند نێرینەی (پیاو و کوڕی) کورد بە ڕەوای دەزانێت خۆی دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبێت لە جوتبوون و بە کارهێنانی مێینە وەکو ئۆبیەکتێک بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزووە نەرجسیەکانی خۆی، کە لە جووتبووندا ڕەنگ دەداتەوە. لێرەدا بەستەرێک دروست دەبێت لە گەڵ قۆناغی یەکەمی گیانی نەرجسی و خۆپەرستی پیاودا کە دەروونناس

فرۆید ڕاشکاوانە پەنجەی دەخاتە سەر، کە لە قۆناغی سەرەتایی منداڵدا، بەهۆی پێویستی منداڵ بۆ دایک دروست دەبێت (Johansson, لا. 163 تاکو171) ، ئەو قۆناغە بۆ ژیانی منداڵ وەکو گیانلەبەرێک بۆ مانەوە چارەنووسسازە. لەو قۆناغە نەرجسیەدا هیچ جۆرە پەیوەندیێک لە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیدا، لە دەرەوەی خواستەکانیدا بەدی ناکرێت، بە وتیلەیەکی دی مرۆڤی ڕەفتار نەرجسی ، تەنها ویستەکانی خۆی دەبینێت و گوێ بە مرۆڤەکانی تر نادات و هەست بەبوونی مرۆڤەکانی دی لە دەرەوەی پێویستیەکانی خۆیدا نابینێت. کەواتە جووتبوونی هەندێ لەو پیاوانە کە خۆیان بە مێینە بە تاڵ کردووەتەوە، پێش ئەوەی کارێکی سێکسی ڕووت بێت، دەڕژێتە خانەی گیانی نەرجسییەوە. چونکە زۆربەیان ئامادە نەبوون، دوای تێرکردنی ئارەزووی جوتبوونیان پەیوەندییێکی خێزانی یان کۆمەڵایەتی دی لە گەڵ ئەو ژن و کچانەدا دروست بکەن.

> "منیش بە هەمان قۆناغدا تێپەڕیووم. کە لێم پرسی جا ئەو کچە چ عەیبێکی هەیە و بۆ نایهێنی؟ ووتی: ئەو لە گەڵ عالەمدا خەوتووە و لایەک شار دەیناسن، چۆن من کەڕامەتی خۆم دەشکێنم"( وەڵام دەرەوەی ژمارە 1).

یەکێک لە وەڵام دەرەوەکان پشت بە ئاین دەبەستێت بۆ ئەوەی دەسەلاتی خۆی بەسەر ژنان و کچاندا بکات بەفەرمی و ئەو بیانوە دەهێنێتەوە کە خواش ئەو مافەی بە پیاو داوە کە لەژن بەهێزتر بێت. بەستنەوەی بە کولتوور و ئاین:

> " تەنانەت ئاینیش ئەو مافەی داوە بە پیاو کە بە ئارەزووی خۆی لە گەڵ مێینەدا بخەوێت و جووتببێت. ئەوە دەسەڵاتێکی ڕەهاو و سروشتیە هەمیشە مێینە پاشکۆی نێربووە، ئێ خۆ ئەو دەسەڵاتە لە بەر چەند ژنێک تێک نادرێتەوە کە نایانەوێت ڕێزی پیاو بگرن" (وەڵام دەرەوەی ژمارە 6).

لە کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی کە داب و نەریت لە یەکتر ئالاون، پیاوسالاری کۆڵکەیەکی پتەو و نەلەقیوی بۆ خۆی داکوتیوە و خەرمانی

چەندان ساڵانی سالاریەتی. پیاو بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دەسەڵاتە لە دەست نەدات، پەنا دەباتە بەر هەموو ڕێگەیەک، ئاین، کولتور و فەرهەنگ باشترین سەرچاوەن. ئەو بۆچوونە لە گەڵ دیمانەکانی سۆسیۆسایکۆلۆژی یەک دەگرنەوە، کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە مرۆڤەکان بۆ سەلماندنی خۆیان، لە هاوکایەی نێوانیاندا کۆمەڵگە بەکاردەهێنن دەبێت (Johansson, لا. 188 تاکو189).

هەندێ نێرینەی کورد دیسان بەپێی ئاستی پێشکەوتنی پێوەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی، دەربارەی باری ئافرەتەوە، لە خزمەتی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان، کۆمەڵگە وەکو ئامێرێک بەکار دەهێنن. لێرەدا دیسان نێرینەی کورد لە پاڵ نەرجسیەتی تاکگەرایی خۆیدا، نەرجسیەتێکی هەرەوەزی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دروست کردووە. لەلایەک مێیینە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزووەکانی خۆی بەکاردەهێنێت لەلایەکی تریشەوە ئەو دەسەلاتەی خۆی فەرمی دەکات و مێینە کۆیلە خۆی دەکات. هەڵگرانی قوتابخانەی کۆنستروکشنیزم ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە ژینگەی مرۆڤ هێزێکی باڵای هەیە لە دروستکردن و بە فەرمیکردنی ڕەفتار و بۆچوونی تاک، ( Gergen، 2005، لا50-55). وەڵامی پیاوی ژمارە شەشیش لە هەمان سەرچاوەوە هاتووە کاتێک دەڵێت تەنانەت ئاینیش ئەو مافەی داوە بە پیاو کە زاڵبێت بەسەر ئافرەتدا. " Pierre، (1998) لە پەڕاوی *Den manliga dominansen* دەسەڵاتی باڵای پیاودا، هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوە، کە ئەو دەسەلاتە باڵایەی کە پیاو هەیەتی، ئەنجامی ئەو نۆڕمانەیە کە خودی پیاو دەستنیشانی کردوون و یاساگەلێکی بۆ داڕشتوون، بۆ نموونە دابەشکردنی ئیش و کار لە نیوان کچان و کوڕاندا لەسەر بناغەی ئەو خشتە کۆمەڵایەتیەی کە کاری لەسەر دەکرێت، کە لە چەمک و وێنەی ئەندامی زاوزێی هەردوو ڕەگەزەوە دابەشکراوە، بەشێوەیەکی ڕونتر، کاری پەروەردە و کابانی بۆ ئافرەتان دیاری کراوە.

### 2.1.4 وەڵامی ژنەکان و ئەنالیزەکردن:

زۆربەی ئافرەتە وەڵام دەرەوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە چۆن پیاوان(هاوسەرەکانیان) هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن و بواریان پێ نەدەن وەکو خۆیان هۆشیاری لە سەر سێکس و

پەیوەندی نێوان ژن و پیاو پەیدا بکەن. هەندێکیان لەبەر ئەو هۆکارە تەنانەت بە دزییەوە پەیوەندی لە گەڵ پیاوانی تر دەبەستن.

"من خەڵکی باشووری کوردستانم و دووساڵە زیاتر شووم کردووە، بەڵام وا بۆ شەش مانگێک دەچێت برادەرایەتی کوڕێکی کورد دەکەم و هەندێ ڕۆژانی شەممەو یەک شەممە یەکتر دەبینین..بەبێ ئەوەی شووەکەم بزانێت. هەندێ جار کە دەچم بۆ لای ناچار بە درۆوە دەڵێم لە شارێکی تر کاردەکەم. بۆ؟ چونکە ئەو لەکاتی جوتبووندا زیاتر چێژم دەداتێ تاکو مێردەکەم"( ژنی ژمارە 1).

گێڕانەوەی ئەو ژنە ئەوە دەسلمێنێت کە چەند ژنان و کچان بۆچوونی خۆیان لەمەڕ جووتبوون گۆڕیوە و بە شێوازێکی نوێ بیر لە ژیانی پێکەوە ژیان لەگەڵ ڕەگەزەکەی تردا دەکەنەوە. ئەو جۆرە تێڕوانینانە پەیوەندی و ژیانی هاوسەری ،شێوازە کلاسیکیەکەی کۆمەڵگەی کوردی ڕەتدەکەنەوە و ئەو ژنانە هەوڵدەدەن خۆیان بەشێوەیەکی نوێ بگونجێنن. لێرەدا کاریگەری ژیانی نوێ چ لە ئەوروپا یان بەهۆی گلوبالیزمەوە کە سنووری نەتەوەکانی شکاندوە، گەورەترین هۆکارە بۆ ئەوەی کە ژنان و کچان ڕێچکەیەکی دی بگرنە بەر، دوور لەو ڕێگە کلاسیکیە کۆنەی کۆمەڵگە، کە مێ بە کۆڵەکەی مانەوەی خێزان دەزانێت. یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکان کە بووەتە هۆکاری گۆڕینی بۆچوونی ژنان و کچانی کورد لە بارەی ژیانی هاوسەری و پێکەوە ژیان لە گەڵ پیاودا، گەشە سەندنی بزووتنەوەی ژنان(فەمەنیستەکان) و هوشیاری و بە ئاگا هاتنەوە لە سەر مافە هەمەلایەنەکانیانە. (To a be a Woman) Coonie Zweig باسی پرۆسەی ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتییە دەکات کە ئافرەتانی ئەوروپا بە نێویدا تێپەڕیون و تا ڕادەیەک مافەکانیان لە گەڵ پیاود هاوتەریب بووە. بۆ نموونە مافی کارکردن، خوێندن و دابەشکردنی ئیش و کاری ماڵەوە بە شێوەێکی یەکسان. بێ گومان لێرەدا هوشیاربوونەوەی ژنی ژمارە یەک و ناسینەوەی لەش و جەستەی خۆی وای لێ کردووە کە ئارەزووەکانی خۆی بە تەواوەتی بناسێت و پەی پێ بەرێت. لێرەدا دیسان ڕۆڵی میدیا و پێشکەوتن و دادپەروەری لە وڵاتی سوێد کارێکی بچینەیی نواندووە لە

گۆڕینی پێوەری تایبەتی کەسایەتی ئەو ژنە، ئەگەر لە شوێنێکی جوگرافی پەراوێز بوایە، بێ تیڤی و ئینتەرنێت و پاڵپشتی سیستەمی نەبوایە، گریمانە کەمتر دەبوو کە بەشوێن چێژی سێکسدا بگەڕایە.

Bäck-Wiklund & Bergsten (2005، لا. 48-60)، لە پەڕتووکی بە باوک بوون و دایک بوونی مۆدێرن Det moderna Föräldraskapet ، ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە چۆن گۆڕانی ئابوری، گلوبالیزم و فاکتەرەکانی دی، پێگەی ئافرەتانیان بەهێزکردووەو کە بۆوچونەکانیان لە مەڕ پێکهێنانی خێزان، هاوسەرگرتن و جووتبوون گۆڕیوە و پیاوان زۆر جار لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، ترسی نەمانی دەسەڵاتیان لێ نیشتووە. ئافرەت هەوڵ دەدات لە پاشکۆیی پیاو خۆی ڕزگاربکات و شێوازی نوێ بۆ پێکەوەژیان لەگەڵیدا بدۆزێتەوە. ئافرەتان بەشێوەیەکی نوێ کۆمەڵێک پێوەری مۆدێرن دەربارەی لایەنە هەمەجۆرەکانی ژیان دروست دەکەن. ئەمڕۆ ئافرەتان لە دەرەوەی قاڵبی ژن و مێردایەتیدا، منداڵ دروست دەکەن، جیابوونەوە و گەران بەدوای تاکی گونجاودا کارێکی زۆر ئاساییە، بوونی برادەرێک یان دۆستێک لە پشتی بازنەی خێزانەوە، لەوانە بۆ سێکس، سیمایەکی نوێی ژیانی ژنانە، کە جاران تەنها بۆ پیاوان بوو. بە کارکردنی ئافرەتان دروستکردنی کەسایەتییە نوێیەکانیان، لەدەرەوەی ماڵەکانیان، گەورەترین شکستی لە دەسەڵاتی پیاو دەدەن و کەمی دەکەنەوە. دروستکردنی ئەو کەسایەتیە سنووری کلاسیکی پساندوە و ئافرەتان پێویستیە تایبەتییەکانی خۆیان لەدەرەوەی بازنەی خێزان و هاوسەرگریدا دەبیننەوە،( هەمان سەرچاوە، لا. 149 ) .

> "ئێوارەیەکیان کە دوای کۆرسی زمان لە گەل مێردەکەمدا پێکەوە گەڕاینەوە، بە توڕەییەوە ووتی: تۆ چۆن لە گەل ژنی فلاندا پێکەوە سەیری فیلمی ڕووتت کردووە و باسی چۆنیەتی خەوتنی خۆمانت پێ وتوە. لەداوی ئەو ئێوارەیە چەند مانگێکی نە خایاند لە یەکتر جیابووینەوە، هەر چەندە بە خۆشەویستی هاوسەرگیریمان کردبوو، ئافرەتی ژمارە 6."

لێرەدا کاریگەری زاڵبوونی کولتور، ئاین و پێوەرە کۆمەلایەتیەکان، خودی تاک و کۆمەڵگە تووشی پارادۆکس و دووڕوویی دەکات، بۆ دەر نەچوون لەو یاسا و کۆتانەی کە کۆمەڵگە بۆ تاك دروستی کردوون، ناچار تاک درۆ دەکات و ڕووی خۆی بە چەندان شێوە دەگۆڕێت. فرۆید و نیتشە، بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکەن، بۆ خۆ ڕزگارکردن لە سزای کلێسا و نۆڕمە توندەکانی ئاین، دووڕویی و درۆکردن و دابەزینی ئاستی ڕەوشت پێوەرێکی باوبووە، تاکو کلێسا خاوەن دەسەڵات بووە لە ئەورووپا( Johansson 2001). ئەو ژنەی سەرەوە کە نکۆڵی لە وەدەکات کە پێکەوە لە گەڵ برادەرێکیدا سەیری فیلمی ڕووتی کردووە، ئەگەر بیزانیبایە مێردەکەی بەوە توڕە نابێت و بۆچوونەکانی مۆدێرنن، دژی مافی ژنان و کچان نین، یان مێردەکەی ڕێگەی پێ بدایە و پێکەوە سەیری ئەو جۆرە فیلمانە بکردایە، ئەو ژنە پێویستی بەوە نەبوو کە پەنا بۆ برادەرێکی بەرێت و پێکەوە سەیری فیلمی سێکس بکات. کەواتە لێرەدا دیسان سالاربوونی پێوەرەکانی کۆمەڵگە و دەسەلاتی پیاوانە کە ئەو ژنەیان فێری دوو ڕوویی کردووە.

## 2.4 ئابڕو لە دیمانەی هەردوو ڕەگەزەوە چی دەگەیێنێت؟

### 1.2.4 وەڵامی پیاوەکان و ئەنالیزەکردن:

زۆربەی پیاوەکان یەک بۆچوونیان هەیە بەرامبەر ئابڕو کەدەبێت ژنان و کچان لە ژێر ڕکێفی ئەوان بن و ئەو مافە بە مێینە نادەن کە هوشیاری سێکسیان هەبێت و ئەگەر ژنەکانیان ئەو هوشیارییەیان هەبێت، یەکسەر گومانی ئەوەیان لێ دەکەن کە لەگەڵ پیاوانی تردا ڕایان بواردووە و بێزیان لێ دەکەنەوە.

> " من بۆیە دوای هەفتەیەک وازم لە ژنەکەم هێنا. چونکە بۆم دەرکەوت کە ئەو لە گەڵ کەسانی تردا خەوتووە، هەرچەندە پەردەیی کچێنی مابوو. کە یەکەم شەو هاتە لام لە من باشتر دەیزانی چۆن ئارەزووی سێکسی پیاو ببزوێنێت و باسی ئەوەشی کرد، کە لە کوردستان لە گەڵ کچە برادەرەکانیدا

پێکەوە سەیری فیلمی ڕووتی کردووە. منیش چیتر نەمتوانی لە گەڵیدا بژیم. "( پیاوی ژمارە 4)

ئابڕو، شەرەف یان ناموس ئەو چەمکانەن کە لە نێو تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا بوونەتە سیمبول، مێشک و بۆچوون، تێکەڵی خوێن، زمان، ژیان و هەڵسوکەوت بوون. وەڵام دەرەوەی پیاوی ژمارە چوار کاری ژنەکەی خۆی پێ پەسەند نییە، هەرچەندە (ژنەکەی) خۆشیی دەداتێ، بەڵام بۆ ئەزموون پەیدا کردن تاکو ژنەکەی لەلا نەبووە ئامادەبووە لەگەڵ پیرترین ژندا بخەوێت، لەهەمان کاتدا ئەو پیاوە بە پێچەوانەوە پێی ناجوێت ئافرەتێک هەمان ئەزموونی هەبێت. بەڵام ئافرەتەکان چونکە ئەو دەسەڵاتەیان نییە، ناتوانن هەمان داوا لە پیاوان بکەن.

دروستبوونی ئەو تێڕمانینە جیاوازییە لەبارەی جوتبوونەوە یان سێکس لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، سەرباری ئەو چەمکانەی باسم کرد، فاکتەری بایۆلۆژییش ڕۆڵی خۆی دەبینێت. لە بەر ئەوەی کە ئافرەت، بەرپرسە لە وەبەرهێنانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ و منداڵی دەبێت، کاتی زۆری نابێت بە ئارەزووی خۆی تاک بگۆڕێت و وەکو پیاو خۆی بە کاری سێکسی ئەنجام بدات. Steven دیمانەیەکی تری لەو بارەوە هەیە، کە ئارەزووی سێکسی یان جوتبوون، بەپێی بۆچوونی ئەو، لە سەرچاوەی ڕەمەکی ئاژەڵیانەوە هەڵدەقوڵێت و پیاو بە چاوی قازانج بۆ بەردەوامی وەبەرهێنانەوەی ژیناتەکانی هەوڵی جووتبوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئافرەتاندا دەدات. ئەو بۆچوونەی ستێڤ، بەسەر ئەو پیاوانەدا پشت ڕاست دەبێتەوە، کە پێش ئەوەی بە چاوێکی یەکسان تەماشای ئافرەتان بکەن، وەکو ئامێرێک بۆ بەرهەم هێنانەوەی ژینەکانی خۆیان دەیبینن، دواجاریش بۆ تێرکردنی ڕەمکە ئاژەڵیانەی خۆیان وەکو ئامرازی چێژ وەرگرتن بەکاری دەهێنن Stevens ل72-71.

لێرەدا وەڵام دەرەوەی(پیاوی) ژمارە چوار و وازهێنانی لە ژنەکەی لەبەر ئەوەی ئەزمونی جووتبوونی هەبووە، ئەو ترسە بایۆلۆژیە کە ئەو پیاوە هەیەتی کە ژنەکەی لە گەڵ کەسانی تردا خەوتبێت و دواڕۆژی نەوەکانی نەیێتە دی و ژینەکانی نەژیێنەوە، یان لە پاڵ ئەودا لە گەڵ پیاوی تردا بخەوێت و درۆی لەگەڵدا بکات. (Stvenes ل 71).

خەمی ئەو پیاوە، بەپێی بۆچوونی ( Connell ، 2002، لا 11-20) دیسان لەووەوە سەرچاوەی گرتووە کە نێرینە لە چەمکی بایلۆژیی مێینەوە تەماشای مافی ژنەکەی کردووەو ئەوەی پێی نە هاڕراوە کە مێینەش مافی سروشتی و خۆیەتی چێژ لە کۆئەندامی زاوزێی خۆی وەربگرێت

### 2.2.4 وەڵامی ئافرەتەکان و ئەنالیزەکردن

زۆرینەی ئافرەتەکان پێیان وایە ووشەی ئابڕو چەکی دەستی پیاوانە بۆ کۆنترۆلکردن و زاڵبوون بەسەریاندا. شەش لە ژنەکان( ئابڕو) بە داهێنانی پیاو دەزانن و ئەو پرسیارە دەکەن کە بۆچی کە ناموس، حەیا یان ئابڕو دێتە ئاراوە، تەنها ژنان و کچان بەرپرسیاری یەکەمن، کە لە هەمان کاتدا پیاوی وا هەیە، هەتا ژیانی هاوسەری دروست دەکات درێغی لە سێکس ناکات و هەندێ جاریش پەنا بۆ ئاژەڵیش دەبات:

> "هێشتا بەتەواوەتی یەکترمان نەناسی بوو، کە لە ئەوروپاوە هاتەوە کوردستان، بە بیست ڕۆژ خێرا هەمووشتێکی بڕییەوە، زۆر هەوڵم دا کە چاوەڕێ بکات تاکو مافی پەنابەریم دەربچێت و بگەمە لای، بەڵام بێ سوود بوو، دایکی لە خۆی خراپتربوو. دەیووت: بامنداڵێکی هەبێت بۆ ئەوەی کە گەیشتە لات چاوی لە دەرەوە نەبێت. منداڵی پێم دروستکرد، کە دوای دووساڵ گەیشتمە لای، ڕێگەی هەمووشتێکی لێم بڕی. زۆر لە ژیان دوواکەوتووم و تەنانەت فریای خۆشم ناکەوم. ئابڕو چییە، پێم وایە پیاو بۆ کۆنترۆڵی ئافرەت ووشەی ئابڕوی داهێناوە، ئاخر من بۆیە لە دوای سێ منالْ جیابوومەوە، ئەو بە بەر چاوی منەوە ویستی لە ماڵەکەی خۆمدا لە گەڵ ژنانی تردا بخەوێت..ئەی ئیتر ئابڕو چییە؟. گریان...ژنی ژمارە 2"

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە، فاکتەرەکانی ئاین و کولتور ئەو مافەیان بە پیاو داوە کە پێوەر و قاڵبی ئەو فاکتەرانە دارێژێت و یاوەریان بێت، بێگومان هەرشتێک یان هەڵسوکەوتێکی نوێ لەگەڵ یاسای ئەو پێوەرانە یەک نەگرێتەوە، نایاسایی دەبن و پیاو

ڕەشیان دەکات و توند دژیان دەوەستێتەوە، لێرەدا خودی ئافرەتانیش بەرپرسن بۆ وەبەرهێنانەوەی ئەو پێوەرانە.
وەڵامی ژنی ژمارە دوو، دوو ڕاستیمان دەخاتە بەردەم، یەکەم سەیرکردنی کۆئەندامی ژنەکە لەلایەن پیاوەکەوە وەکو سەرچاوەی ئابڕوی خۆیی و بنەماڵەکەی، بۆ ئەوەش یەکسەر منداڵی پێ دروستکردووە، نەبا ژنەکەی بە پاکیزەیی و کچی بگاتە ئەورووپا و چاوی بکرێتەوە، بگرە بۆ سەرکوێرکردنی دوو منداڵی دیشی پێ دروستکردوە. ڕاستی دووەم ئەوەیە کە ئافرەتان(ژنان و کچان) لە ڕێگەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە، ڕیشەی نۆرم و پێوەرەکانی پیاوسالاری چووەتە ناخیانەوە و هەزار بارە دەژێتەوە و خودی ژنان بوونەتە دەسەکی ئەو پرۆسەیە. لێرەدا زۆر ئاساییە کە خەسووی ژنی ژمارە دوو، وەکو پاسەوانێک ئاگای لە ئابڕوی ژنی کوڕەکەی بێت و پیلان دابنێت بۆ پاراستنی ئەو ئابڕۆیە، کە ئابڕوی کوڕەکەیەتی. . هاندانی خەسوی ژنی ژمارە 2 باشترین بەڵگەیە کە هەندێ ئافرەتی کورد، پیاون لە پێستی ژندا .
ئارنەسۆن، ویلسۆن و ئاکرێت(2005 لا285)، ، هێزی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان دەخەنە ڕوو کە چۆن هەڵسوکەوتی تاک جڵەو دەکەن و بڕیاری بەسەردا دەسەپێنێت، هەر تاکێکیش هەوڵ بدات کە لە دەرەوەی ئەو پێوەرانە ڕەفتار بنوێنێت، پەراوێز و ڕیسوا دەکرێت. پیاوی ژنی ژمارە دووش، کە بەو شێوەیە ڕەفتاری لە گەڵ ژنەکەیدا کردووە، دیلی ئەو پێوەرانەیە. هەمان شت دایکیشی خۆی بە بەشێک لەو پێوەرانە زانیوە. فاکتەرێکی میژوویش هەیە کە هۆکاری کۆنترۆڵی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە دەگێرێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کە پیاو سەرچاوەی بژێوی خێزان بوە ، بڕوانە Bäck-Wiklund & Bergsten (2005، لا.58-60). مێردی ژنی ژمارە دوو زانیوەیەتی، بەپێی پێوەرە پاشکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە ئاوێتەی ئاین و داب و نەریتن، ئەگەر مێینەیەکی کورد لە ئەورووپا، بەتایبەتی ژنەکەی یان کچەکەی وەکو کچێکی سوێدی بێت، ئەوە دەبێتە گەورەترین شەرم و ئابڕوی دەڕوات.
" Pierre، (1998، لا. 97 تا 124) بەڕاشکاوی باسی کاریگەری خۆ هوشیارکردنی ئافرەتان دەکات لە گۆڕینی بۆچوونیان لەسەر ژیان و ئەو سترکتوورە کۆمەڵایەتیەی کە پیاو بۆ زاڵبوونی خۆی بەسەر ئەوان دایناوە. کە ئافرەتان هوشیاربوون، کۆدی ئەو سترکتور و پێوەرانەی پیاوان

فێربوون، لە زۆربەی ڕوەکانی ژیانیان ئازاد دەبن، لەوانە سێکس، ئابوری و خوێندن و پێکەوە ژیان.

## 3.4 ئایا سێکس یان سیمبولی دەسەڵاتە؟

### 1.3.4 وەڵامی پیاوەکان ئەنالیزەکردن:

زۆربەی پیاوەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەبێت ئافرەت لەلایەن پیاوەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بەتایبەتی سێکس، چونکە بە بەرەڵابوونی سێکس لە دەرەوەی هاوسەرگرتن و خێزاندا، شیرازەی کۆمەڵگە دەپچڕێت و وەکو ژیانی ئاژەڵی لێ دێتەوە. بە پێی وەڵامەکانیان، دەبێت پیاو ئەو دەسەڵاتەی(دەسەڵاتی سێکس) هەبێت دەنا وەکو پیاوەکانی ئەورووپا لاواز دەبن و دەبنە کۆیلەی دەستی ئەوان.

> پیاوی 6: تەنانەت ئاینیش ئەو مافەی داوە بە پیاو کە بە ئارەزووی خۆی لە گەڵدا مێینەدا بخەوێت و جووتببێت. ئەوە دەسەڵاتێکی ڕەهاو و سروشتیە هەمیشە مێینە پاشکۆی نێربووە، ئێ خۆ ئەو دەسەڵاتە تێک نادرێتەوە لە بەر چەند ژنێک کە نایانەوێت ڕێزی پیاوبگرن.

سەرچاوەی پەنابردنی پیاو بۆ ناساندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئافرەتدا، بە تایبەتی لە سێکس و و پێکەوە ژیان، دەگەرێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک، لەوانە هەروەک ئاماژەم پێ دا(بڕوانە سەرەتای لاپەڕە 8) فاکتەری بایلۆژی کە ئافرەت بەرپرسی وەبەرهێنانەوەی ڕەگەزی مرۆڤە. فاکتەری سروشتی کە پیاو لەڕووی لەشەوە بەهێزە و ئافرەت ناسک و بێ ماسولکەیە. فاکتەری سێیەم پەیوەندی بە پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە چۆن هەر لە منالییەوە، پێوەر و نۆرمەکانی کولتور جیاوازی دەخەنە نێوان کچان و کوڕانەوە، بڕوانە(Giddens، 2005، لا 112-117). بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر لەمنالیەوە دەسەڵات لەلایەن باوک و دایکەوە دەدرێت بە کوڕ و کچان بێ بەری دەکرێن لە زۆر مافی ڕۆژانە. کەواتە بۆچوونی وەڵام دەرەوەی ژمارە شەش بێ سەرچاوە نەهاتووە. لێرەدا ئەو پیاوە پشت بە ئاین و کولتور دەبەستێت بۆ هێشتنەوەی ئافرەتان بە دیلی. بۆ نموونە هەر بە منداڵی گەر کوڕێک لەگەڵ کچێکدا

یاری بکات ، پێی دەڵێن "خلە کچانی". واتە هەر لەمنداڵیەوە فێری سووکایەتی بە ڕەگەزی مێ دەکرێین و بەو شێوەیە بە چاوێکی ناجۆرەرەوە سەیری ئافرەت دەکرێت.

## 2.3.4 وەڵامی ژنەکان و ئەنالیزەکردن

کۆی ئافرەتەکان سێکس وەکو دەسەڵاتێک دەبینن، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەوەی ئەگەر هاتوو پیاوێک ویستی ئەتکی ئافرەتێک بکات، پەنا دەباتە بەر سێکس بۆ بریندارکردنی ئەو ژنە یان ئەو کچە، چونکە دڵنیایە کە کۆمەڵگە ئەوەندە سەرزەنشتی ئافرەت دەکا، تاوانباری دەکات. هی پیاو ناکات. زۆرجار ئافرەت تاوانبار دەبێت، کاتێک پیاوێک ئەتکی دەکات. نموونەی کوشتنی ژنان و کچان زیندوترین دۆزە، کە ئافرەت تییایدا بێ دەسەڵاتە.

> "..کە گەیشتمە ئەورووپا بە مێردەکەمم ووت نیازم وایە بچمە خوێندگە، چونکە تەمەنم 20 ساڵ بوو. ووتی: فێربوونی چی و خوێندنی چی، ئەوە دەیانەوێت لە ڕێگەی فێرکردنەوە سوارت بن و فیلمی ڕووتت پێ دەرکەن، ئەمانە لە 10 ساڵییەوە دەیدەن بۆ یە حاڵیان جوانە. زۆرم پێ ناخۆش بوو و بۆ یەکەم جار کردم بەشەڕ لە گەڵیدا و لێی تۆرام. ویستی مندالەکانی بۆ کوردستان بەرێتەوە، بەڵام باشبوو نەیتوانی، دوای شەش مانگ بە تەواوەتی لە یەکتر جیابوینەوە و گەڕایەوە بۆ کوردستان و بیستم لەوێ ژنێکی تری هێناوە، بەکەسوکاری ووتووە ئەو دوو منالە هی پیاوێکی ترن.

کۆنترۆڵ کردنی سروشتی ئافرەتان(ژنان و کچان) لە ڕێگەی بە کارهێنانی سێکس وەکو سیمبولێک، لە لایەن پیاوەوە، بووەتە هۆی گۆشەگیرکردنی و پەراوێزکردنیان لە ژیانی ئاسایی و دابڕانیان لە کۆمەڵگە. کاریگەری ئەو دەسەڵاتە ( مەبەست دەسەڵاتی ڕەهای پیاوی کورد) و کاڵبوونەوەی پێویستە بە مانەوەی گرنگی ئەو هێما سیمبولانە لە لای ئافرەتان(ژنان و کچان) و بۆچوونیان لەسەر جووتبوون یان

سێکس. لەو کۆمەڵگایانەی کە جوتبوون تێیدا ئازادە و ئافرەتان و پیاوان تا رادەیەک یەکسانن، پێناسەیەکی دی هەیە بۆ ئەو هێمایانە و بەکارهێنانیان وەکو سیمبولی دەسەڵات هیچ واتایەک نابەخشێت.

## 5. تاوتوێکردن

لەم بەشەدا دێمە سەر وەڵام و تاوتوێکردنی پرسیارگەلی ئەم باسە کە لە دوو پرسیاری سەرەکیدا خۆی دۆزیوەتەوە:

**ئەندازەی بڕوابوونی پیاوان بە مافی ژنان، بەتایبەتی لە بارەی جووتبوون(سێکس)وە لە دەرەوە و سنووری ژیانی هاوسەریدا؟ ئایا کاریگەری ژیانی ئەورووپا، بۆچوونی پیاوان، ژنان و کچانی کوردی لە بارەی سێکسەوە لە دەرەوە و سنووری ژیانی هاوسەرگیریدا گۆڕیوە؟**

وەڵامی نەرێنی پیاوەکان ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەوان لەڕووی بایۆلۆژی و کولتورییەوە ئەو مافەیان بە خۆیان داوە کە ئافرەت(ژنان و کچان دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بن. ئەو بۆچوونە پیاوسالارییەش خەرمانی ئەو کۆمەڵگە پیاوسالارییە کە کۆمەڵگەی کوردی فۆڕمی بۆ تاشیوە. " Pierre، (1998. لا. 19 تا69) بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە پیاو ئامادەیە بە هەموو شێوەیەک ئەو سیستەمە پێوەرەی کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی دایناوە، چەند بارە وەبەری بهێنێتەوە، بۆچی؟ چونکە ئافرەت بە سامانێکی هێمایی و وەکو کاڵایەکی خۆی سەیردەکات. پیاو لە ناخیدا ئافرەتی بەوە سزاداوە کە دەبێت ژێر دەستەی بێت.

بەهۆی گلوبالیزم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، تا ڕادەیەک ژنان و کچان توانیویانە لە باری جووتبوونەوە هوشیاربنەوە و بەچاوێکی نوێوە تەماشای خێزان بکەن. پساندنی سنووری نەتەوەکانی بە هۆی ئەو شۆڕشەوە وای کردووە نەک تەنها سنووری نێوان نەتەوەکان، بەڵکو سنووری نێوان کەسەکان بپسێنێت و هەر تاکێک کۆمەڵێک پرسیاری لا دروست بێت، کە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی دووەمەوە بە شوێن وەڵامەکانیاندا بگەڕێت. لێرەدا ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی کە پیاو هەیەتی دەکەوێتە هەڵدێر و ئافرەتان چیتر بێ دەنگ نابن یاخود بەڵێ نەکەن بۆ هەرشتێک کە پیاوەکانیان داوای بکەن. تێکەڵ بوونی ئافرەتانی کورد لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی- سوێدی، بەهۆی ژیانی ئاوارەییەوە، یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بۆچوونی ئەو 9 ژنەی کە لەم شیکارییەدا بەشدارییان

کردووە، لە باری پەیوەندیان بە پیاو و جۆری خێزان دروستکردن گۆڕیوە.
کەمبوونەوەی کاریگەری داب و نەریت و پێوەرە پاشکەوتووە ئاینیەکان، فاکتەرێکی ترە، کە هزر و ژیانی ئەو 9 ژنەی گۆڕیوە. هەمان ژنان ئەگەر لە کوردستان بوونایە، دەبوو لە کۆتی پیاوەکانیان دەرنەچوونایە.
گۆڕانکاری شێوەی ژیانی بیرکردنەوەی ئەو 9 ژنە یەکێکە لە هەرە ئەنجامە ڕوونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە. ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتییە و تەنانەت کاری لە سەر شێوەی جووتبوون و شێوەی هاوسەرگرتنیشی کردووە. تەنانەت هەندێ لەو ژنانە بۆ چێژی جووتبوون بە دزی شووەکەیانەوە دۆستێکیان پەیدا کردووە و لە گەڵیدا دەخەون. (بڕوانە ژنی ژمارە یەک).
گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەی ئەو 9 ژنە، لەمەڕ سێکس و پێکەوە ژیان، ئەنجامێکی ترمان دەدات بەدەستەوە، کە دەسەڵاتی پیاو لە لاوازی و لەقبووندایا و ئافرەتان بەهۆی هوشیاری و سەربەخۆیی ئابوورییەوە، چیدی بوار نادەن بە پیاوان کۆنترۆلیان بکەن. بە ووتیلەیەکی تر، ئافرەتان(ژنان و کچان) خۆیان بە سامانی پیاو نازانن و جەستەیان هی خۆیانە.
ئافرەتان( ژنان و کچان) ئیدی ئەو ڕۆڵە بایلۆژیە پەسەند ناکەن، کە تەنها بۆ وەبەرهینانەوە( منداڵ دروستکردن) و بەرسەرچاوەی چێژی پیاوان سەیربکرێن. دکتۆر Chronholm (2004 لا 71) لە تێزی دکتۆراکەیدا لەسەر ئەزمونی پیاوان لە پەروەردەی منداڵدا، گەیشتوەتە ئەو ڕایە کە ژنان ئاستی هوشیاریان بەهۆی گۆڕانکاریە هەمەلایەناکان هێندە بەرزبووەتەوە، کە بۆ پیاوان ئاسان نییە بیانخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.
Bengtsson (2001، لا. 278-283) کە مامۆستای دەروونناسیە لە زانکۆی شاری لوندە لە ولاتی سوێد، بە ڕاشکاوانە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە باسم کردن، فاکتەری دی دەستنیشان دەکات کە دەبنە سەرچاوەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی پیاو، لەوانە وەڕەس بوونی ژنان بە دەسەڵاتی سەردەستانەی درێژخایەنی پیاوەوە، بەرزبوونەوەی داخوازی ژیانی ڕۆژانە و کارکردنی ئافرەتان کە لەگەڵ گیانی پاتریارکی (باوکی سالاری کۆن) لەم سەردەمە نوێیەدا ناگونجێت، بڵاوبوونەوەی مۆدەی نوێی پێکەوەژیان لەدەرەوەی ژیانی هاوسەرگیریدا و کۆمەڵێک هۆکاری دی لەوانە سەرهەڵدانی سێکس و جووتبوون. سەرهەڵدانی بزوتنەوە فەمەنیستەکان لاباڵێکی تری گرینگە کە هەمیشە لەبرەودان بۆ یەکسان کردنەوەی مافی

نێوان پیاو و ئافرەت، لە بوارە هەمە چەشنەکانی ژیاندا، (هەمان سەرچاوە).

ئەو پرسیارەی کە لە ئەنجامی ئەم باسە زانستیەدا هاتووەتە ئاراوە ئەوەیە: **ئایا سەرەتای نەمانی دەسەڵاتی ڕەهای پیاوسالارییە، کەوا شێوەی پێکهێنانی خێزان گۆڕاوە، یان سەرەتای یەکسانی مافەکانە لە نێوان پیاوان و ئافرەتان؟** بۆ رونکردنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە هەستیارە، Holter & Aareth (1994) لە پەڕتووکی دۆخی ژیانی پیاودا Mäns Livs Sammanhang، باسی ئەو خیزانانە دەکات کە منداڵەکانیان بە بێ باوک دەژین، کوڕەکان کە باوکیان وەکو نموونەی دەسەڵات و شانازی دەزانن، هەست بەو دەسەلاتە ناکەن لەو خێزانانەدا کاتێک باوکیان نابینن و ئاستی لێپریسنەوە بەرامبەریان کەمە، بەتایبەتی کوڕی ئەو خێزانانەی کە بەیەکجاری باوکەکان فەرامۆشیان کردوون و باوک لە ژیانیاندا نییە. لێرەدا، تەنها ڕۆڵی دایکەکە لە ژیانیاندا گرینگە. بەو جۆرە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە ئەو دوو نووسەرە کردوویانە، کوڕی ئەو جۆرە خێزانانە هەست بە شتێک ناکەن کە ناوی باوک سالارییە. لێرەدا منداڵی ئەو 9 ژنە کوردەش، کە جیابوونەتەوە و ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان مسۆگەرە، پیاوسالاری و دەسەڵاتی پیاو ئەو کاریگەرییەی نابێت. لە بیرمان نەچێت سیستەمی کۆمەڵایەتی سویدیش زامنی بەردەوامی سەربەخۆیی ئەو ژنە کوردانەیە.

# 6. سەرچاوەکان


Åhslund, A ( 1993). *Att vara Kvinna, To be a woman.* Solna*: Cjp*

Bäck-Wiklud, M & Bergsten. (2005). *Det moderna föräldraskapet. Falun:Scandbook AB*

Bengtsson, M (2001). *Tid, rum, kön och identitet*. Lund: studentlitteratur

Connell, RW. ( 2003): Om Genus. Uddevalla: Media print AB

Chronholm, A. (2004). *Föräldraledig Pappa, Mäns erfareheter av delad föräldrarledighet*. Göteborg:intellecta Docusys

Giddens, A. (2005). *Sociolog*i. Lund: studentlitteratur

Johansson, T. ( 1999). *Socialpsykologi, moderna teorier och perspektiv.* Lund: studentlitteratur

Englund, B .( 1999). *Den manlia dominansen*. Uddevalla: Media print AB

Holter, G & Arteseth, H. (1994). *Mäns Livs Sammanhang*. Stockholm: Gtab

Stevens, R. (2007). *Att förstå människor*. Lund: studentlitteratur

Kaspesen, LB & Ansersen, H. ( 2007). *Klassisk och modern Samhällsteori.* Lund: studentlitteratur

Trost, J & Levin I. (2004). Att förstå vardagen, med symbolisk interaktionistisk perspektiv  Lund: studentlitteratur

## 7. پاشکۆ و  کۆی وەڵامەکان

### پیاوەکان :

1. من هێشتا زوگردیم و خۆم نەبەستووەتەوە بە ژیانی هاوسەری، بەڵام هێندە ئەزموونی جووتبوونم پەیداکردووە، کە بزانم چۆن ڕابوێرم. سەرەتای جووتبوونی خۆی وا باسکرد: ڕۆژانە کە دەچووم بۆ کۆرسی زمان، بە هۆی برادەرێکەوە کە پێش من لە سوێد بوو، کە پەیوەندی بەکچە کوردێکەوە هەبوو، منی بەو کچە ناساند کە خۆی پێش ژنهێنانی کاری جووتبوونی لە گەڵدا دەکرد. سەرەتا پێم ووت من چۆن لە گەڵ ئەو کچەدا بخەوم کە هی تۆ بووە؟ ووتی لێرە وایە ئێمەی پیاو دەبێت ئەزموون وەربگرین، ئەی دواڕۆژ ژن دەهێنیت چی دەکەیت؟ منیش بە هەمان قۆناغدا تێپەڕیووم. کە لێم پرسی جا ئەو کچە چ عەیبێکی هەیە و بۆ نایهێنی؟
ووتی: ئەو لە گەڵ عالەمدا خەوتووە و لایەک شار دەیناسن، چۆن من کەرامەتی خۆم دەشکێنم.

2. هێشتا ژنەکەی لە کوردستان چاوەڕێی پەنابەری دەکرد، یەکسەر دوای شاییکردن سکی پڕکرد. کە لێم پرسی بۆ وات کرد؟ ووتی تۆ دەتەوێت ئابڕوم لە سوێد نە هێڵێت ، باچاوی نەکرێتەوە باشترە، چونکە دوایی لە ڕێ دەردەچێت، لێرە ژن بە ئاسانی لە ڕێ دەردەچێت، ژنانی تر کە لە مێردەکانیان جیابوونەتەوە سەری تێ دەکەن لە منی دەکەن، ڕەنگە واشی لێبکەن کە ئارەزووی لە پیاو نەمێنێت و لە گەڵ ژناندا ڕابوێرێت..

3. من بۆ بەتاڵکردنەوەی خۆم، ناچار تا ژنەکەم دێت لە گەڵ پیرێژنێکدا دەژیم کە بەحاڵ هێزی تیایە، بەڵام ئەوسا کە گەیشتە ئێرە ئامادەم وازبهێنم. ئیدی ژیان وایەو پیاو نابێت بێ دڵی خۆی بکات.

4. من بۆیە ژنەکەم ناچارکردووە سەرپۆش بکاتە سەری و زمان فێرنەبێت چونکە خۆم لەو بارەوە ئەزمونم دەوڵەمەندە باش دەزانم ژنان و کچان چەند لاوازن لەڕووی دەروونی و جەستەوە و چەند بە ئاسانی خۆیان دەدەن بە دەست پیاوەوە، ژن کە ئارەزووی سێکسی بزوا تێر نابێت و گوێ بە ماڵ و منداڵیش نادات. لێرە لە سوێد ژنەکان فێربوون پێکەوە سەیری فیلمی ڕووت دەکەن و ژنان و کچانی تر لەڕێ دەردەکەن.
لەوەڵامی ئەوەی ئەی بۆ تۆ وەکو پیاوێک ماف بە خۆت دەدەیت لە گەڵ ژنان و کچانی ترد بخەویت، ووتی:

ووتی من بۆیە وازم لە ژنەکەم دوای هەفتەیەک هێنا. چونکە بۆم دەرکەوت کە ئەو لە گەڵ کەسانی تردا خەوتووە، هەرچەندە پەردەیی کچێنی مابوو. کە یەکەم شەو هاتە لام لە من باشتر دەیزانی چۆن ئارەزووی سێکسی پیاو ببزوێنێت و باسی ئەوەشی بۆم کرد، کە لە کوردستان لە گەڵ کچە برادەرەکانیدا پێکەو سەیری فیلمی ڕووتی کردووە. هەروەها بۆی گێڕامەوە بەڵام درۆی لەگەڵدا کردم و منیش چیتر نەمتوانی لە گەڵیدا بژیم.

5. من ئەوەند لەگەڵ ژنان و کچدا خەوتووم بڕوام بە دایکم و خوشکەکەشم نەماوە، بەڕای من ژنان و کچان تەنها بۆ ژێر سەرپۆش باشن. خوا ژن و کچی بۆ پیاو دروستکردووە کە چێژیان لێ ببینێت..

6. تەنانەت ئاینیش ئەو مافەی داوە بە پیاو کە بە ئارەزووی خۆی لە گەڵ مێینەدا بخەوێت و جووتببێت. ئەوە دەسەڵاتێکی ڕەهاو و سروشتیە هەمیشە مێینە پاشکۆی نێربووە، ئێ خۆ ئەو دەسەڵاتە تێک نادرێتەوە لە بەر چەند ژنێک کە نایانەوێت ڕێزی پیاو بگرن.

## ژنەکان و کچەکان

1- جارێکیان کەس لە ماڵ نەبوو، براکانم لە سەر ئیش بوون وویستم دیڤیدیکە داگیرسێنم، کە چی فیلمێکی ڕووتی لە سەربوو، لەو ساوە زانیم کە براکانم سەیری ئەو جۆرە فیلمانە دەکەن. دواجار من و خوشکەکەشم فێربووین سەیری فیلمەکانی ئەوانمان بە دزییەوە دەکرد و جێژمان لێ دەبینی.

2- باوکم بە دایکمی ووتووە، من و خوشکەکەم لە ماڵەوە بۆمان هەیە هەموو شتێک بکەین و ئازادی لە بەرگ پۆشیندا، بەمەرجێک لە دەرەوە ئابڕووی خۆمان بپارێزین، تەنانەت بۆشمان هەیە بخۆینەوە..

3- من خەڵکی باشووری کوردستانم و دووساڵە زیاتر شووم کردووە، بەڵام وا بۆ شەش مانگێک دەچێت برادەرایەتی کوڕێکی کورد دەکەم و هەندێ ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە یەکتر دەبینین..بەبێ ئەوەی شووەکەم بزانێت. هەندێ جار کە دەچم بۆ لای ناچار بە درۆوە دەڵێم لە شارێکی تر کاردەکەم. بۆ؟ چونکە ئەو زیاتر چێژم دەداتێ کاتێک لەگەڵیدا دەخەوم.

4- من و شووەکەم دوای ساڵێک هەستمان کرد هیچ خاڵی هاوبەشمان نییە، بەڵام لە بەر ئەوەی 2 منداڵم هەیە، ناتوانم وازی لێ بێنم و حەزم لە قسەی خەڵکی نییە. پەیوەندێکی ئەوتۆمان لە گەل یەکدا نەماوە، هەرچەندە لە یەک

ماڵداین. هەندێ جار ئەو دەچێت بۆ لای کچی تر و ڕادەبوێرێت..دەزانێت من ئاگام لێیە، بەڵام ڕێز لە هاوسەریمان ناگرێت.

5- ڕۆژێکیان مێردەکەم پێمی ووت: ئەگەر لە جووتبووندا تێرم نەکەیت، ناچارم لەگەڵ یەکێکی تر پەیدای بکەم. سەرەتا وامزانی گاڵتە دەکات. ئێوارەیەکیان کە لە کار گەڕامەوە، لە ژووری نووستنەکەی خۆماندا لە گەل ژنکێدا بەڕووتی خەوتبوون، کە توڕەبووم، ووتی ئەی تۆ خۆت نەتووت زۆر ئاساییە.

6- ئێوارەیەکیان کە دوای کۆرسی زمان لە گەل مێردەکەمدا پێکەوە گەڕاینەوە، مێردەکەم بە توڕەییەوە ووتی: تۆ چۆن لە گەل ژنی فلاندا پێکەوە سەیری فیلمی ڕووت دەکەن و باسی چۆنیەتی خەوتنی خۆمانت بۆ کردووە. لەدوای ئەو ئێوارەیە چەند مانگێکی نە خایاند لە یەکتر جیابووینەوە، هەر چەندە بە خۆشەویستی هاوسەرگیریمان کردبوو.

7- کە مێردەکەم دوای وەرگرتنی مافی مانەوە (ئیقامە) هاتەوە بە شوێنمدا و بردمی بۆ ئەو وولاتەی تێیدا دەژیا، لە ئاپارتمانێکی چوارنهۆمیدا ووتی وا گەیشتینە ماڵەوە، کە زەنگی لە دەرگا دا کچێکی پرچ زەرد دەرگای بۆ کردینەوە. وامزانی شوقەکەی بەکرێ داوە، بەڵام هێندەی نەبرد کچەکە بە هاوار و قیژە قیژ هەردووکمانی کردە دەرەوە و کەوتە فڕێدانی جل و نوێن لە قاتی چوارەمەوە بۆ سەر جادە. ئەو شەوە چوینە ماڵی برادەرێکی مێردەکەم. دوایی زانیم کە مێردەکەم سێ ساڵە لە گەل ئەو کچەدا دەژی و کە ژنی هێناوە پێی نە ووتووە.

8- من بە 16 ساڵی بە زۆر بەم کوڕە لە لایەن باوکمەوە درام بەشوو، چونکە لە کوردستان خوێندەواریم نەبوو، زۆر حەزم دەکرد بخوێنم، کە مناڵەکانم بوون بە 15 و 16 و هێشتا پیر نەبووم، بڕیارم دا بخوێنم، مێردەکەم، زۆر ڕێی لێ گرتم، پێم دەووتم لە چیت کەمە، نە سەرماتە نە گەرما و نە بێ پارەی، خۆی ئێواران درەنگ دەهاتەوە، کاری پیتزەی بەڕەش دەکرد. تەنانەت هەندێ شەو لەوێ دەخەوت. زۆر بێزاربووم لە و غەریبیە، ڕۆژێکیان پێم ووت: من دەمەوێت بخوێنم یان کاربکەم. چوم لە فێرگە خۆم ناونووس کرد، کە بۆ ڕۆژی دوایی کتێبەکانم هێنایەوە ماڵ، ووتی ئەتەوێت فێری گەوادی و قەحبەیی ببیت، کتێبی زیندەوەرزانیەکەی پیشاندام ووتی سەیرکە. ئەگەر ئەوە بێ ڕەوشتی نەبێت، باسی جووتبوون لە فێرگەدا دەکرێت، ئەوە دەیانەوێت لە ڕێگەت لابدەن و سوارت بن، ئەی چی بێڕەوشتیە؟ زۆرم پێ ناخۆش بوو و بۆ یەکەم جار کردم بەشەڕ لە گەڵیدا لێی تۆرام. ویستی مندالەکانی بۆ کوردستان بەرێتەوە، بەڵام باشبوو

نەیتوانی، دوای شەش مانگ بە تەواوەتی لە یەکتر جیابوینەوە و گەڕایەوە بۆ کوردستان و بیستم لەوێ ژنێکی تری هێناوە، بە کەسوکاری ووتووە ئەو دوو منالە هی پیاوێکی ترن.

9- من سێ سالە بەدزییەوە خۆم لە کوڕێکی کورد مارە کردووە و مێردە کۆنەکەم و کەسوکاریشم بێ ئاگان. لە بەر ئەوە ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان نەبا کەسوکارم بم کوژن.

10- "من بۆیە دوای 17ساڵ داوای جیابوونەوەم لە مێردەکەم کرد، بەدزی منەوە ژنی هێنا. ژنەکەی زیاتر لە بیست سال لە خۆی بچوکترە. من دەبوو هەر لە یەکەم ڕۆژدا وازم لێ بهێنایە، چونکە دەمێک بوو بەو کارە ڕاهاتبوو،،خۆی واتەنی بەبێ سێکس هەڵی نەدەکرد. بەو ژنە تازەیەوە، تا ئێستا جەنابی سێ ژنی هێناوە. دڵی زۆر پیس بوو، تەنانەت نەم دەوێرا لە گەڵ خزمەکانیشما قسە بکەم، یەکسەر دەیووت پێکەوە دڵداری دەکەن و هەتا نەی دەبڕیەوە. کابرایەکی زۆر خۆ پەرست بوو، هەندێ جار دەیووت دەترسم بمرم و پیاوێکی تر بتبات. ئەو، دڵیشی لە کچەکانی پیس بوو..هەندێ جار بەگاڵتەوە دەم ووت فلان چەند جوانە،،پێی ناخۆش بوو"